## مەلالە یوسفزای
## ئەو کیژۆڵەیەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێدرا

# یەک منداڵ، یەک مامۆستا، یەک پێنووس و یەک پەرتووک دەتوانێت دنیا بگۆڕێت



دەمەوێ ئەو رۆژە ببینم کە هەموو منداڵانی جیهان بە بێ جیاوازی بخرێنە بەر خوێندن، چونکە کاتێك تاڵیبان لە سوات بوون، هیچ کچێك مۆڵەتی خوێندنی نەبوو، منیش ئازاری زۆرم لەو رووەوە بینی، تەنیا دوو بژاردەشم هەبوو: یان دەبوو بێدەنگ بم و یانیش دەنگ هەڵبڕم و بکوژرێم، من بژاردەی دووەمم هەڵبژارد، چونکە ئەو کات دەمویست ببم بە پزیشك، ئێستاش بڕیارم داوە ببم بە سیاسەتوانێکی باش، ئەگەر رێگەی دووەمم هەڵنەبژاردایە، دەبووایە نەچمە قوتابخانە و لە تەمەنی ١٣ یان ١٤ساڵی مێرد بکەم و نەتوانم خەونەکانم بەدی بێنم





**باوکم هەمیشە دەڵێت:**
**من شتێکم بە تۆ زیاد نەکردووە، تەنیا پەڕی باڵەکانتم دەسکەنە نەکرد، بۆ ئەوەی بتوانی بفڕی و بە ئامانجەکانت بگەی**

سەرۆکی کۆمیتەی نۆبڵ:

**ملالە یوسفزی سەرەڕای تەمەنی کەمی، چەندین ساڵ بۆ دەستەبەری مافی خوێندنی کچانی گەنج لە هەلومەرجێکی زۆر مەترسیداردا خەباتی کردووە و بە کچانی جیهانی سەلماند کە دەتوانن لە باشترکردنی ژیانی خۆیاندا خاوەن بڕیار بن**

بەپێی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵ، هەر کەسێك تا تەمەنی ١٧ ساڵ و ١١ مانگ و ٢٩ ڕۆژیش (ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ) بە منداڵ هەژمار دەکرێ، لێ لە سەدەی بیست و یەکی هەزارەی سێیەم، مەلالە یوسفزای (کچە پاکستانییەکی تەمەن ١٧ ساڵ) کە بە هۆی منداڵی و باڵای کورتی بۆ پشت هەر مینبەرێك چووە بۆ پێشکەشکردنی وتار، مینبەرەکە بەرزتر بووە لە باڵای، دەبێتە براوەی خەڵاتی (نۆبڵ)ی ئاشتی و دەیسەلمێنێت کە ئاشتی و ئاسایشی جیهان یەکسانە بە خوێندن و بەهادان بە مەعریفە و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی. هاوبەشبوونی مەلالە یوسفزای لە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ ئەندازیارێکی هیندستانی بە ناوی (کایلاش ساتیارتی) کە بڕوانامەکەی و ماندووبوونی ڕابردووی کردۆتە قوربانیی ڕزگارکردنی منداڵان و بۆ پتر لە ٣٠ ساڵە وازی لە پسپۆڕی خۆی هێناوە و ڕێکخراوێکی بە ناوی (منداڵان ڕزگار بکەن) دامەزراندووە، کە تا هەنووکەش ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییە لە پێناوی نەهێشتنی بارزگانیکردن بە منداڵان، لێبڕاوانە چالاکی دەکات، جارێکی دی سەلمێنەری ئەو واقیعەیە کە منداڵان بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی و بە دەستەبەرکردنی مافەکانیان و بە خوێندن و پەروەردەی تەندروست، دەتوانن کۆمەڵگەی جیهانی بەرەو یەکسانبوونی دەسەڵات بە مەعریفە پاڵ پێوە بنێن و کۆتایی بە شەڕی ئاگر و ئاسن و ئاسمیلەکردن و داگیرکاری بهێنن.

سەرفراز نەقشبەندی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسییە و یەکەم سەرنووسەری ئافرەت بووە لە باشووری کوردستان، کە لە بارەی مەلالە یوسفزای، تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: «گەورەترین خەلات بۆ (مەلالە یوسفزای) بە لای منەوە ئەوەیە کە بیر و وباوەڕی خۆی کرد بە کردار و بەهرەمەندی و ئازایەتیی خۆی نواند. چونکە کەسانی ژیهاتی و بەهرەدار کە هەنگاو دەنێن، بیر لە خەڵاتکردن و ناوداری ناکەنەوە، بەڵکو هەوڵدەدەن ئەو کردارییە بکەن کە بڕوایان پێی هەیە. ئەو کچە گەنجەش کاتێك سەرقاڵی خوێندنی وانە بووە لە خوێندنگەکەی، ئاگادار کراوەتەوە کە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییە».

نەقشبەندی ڕای وایە مەلالە یوسفزای بە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە جیهانییە ڕووداوێکی مێژوویی لە سەر ئاستی جیهان تۆمار کردووە، هۆکارەکەشی بە دوو خاڵ دەستنیشان دەکات: «یەکەمیان تەمەن، دووەمیان ئەو کۆمەڵگە و ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە». هێما بۆ ئەوەش دەکات کە لە وڵاتانی بەر هێرشی تیرۆریستان بە دەگمەن مرۆڤ دەتوانێت لە ناو ئەم هەموو توندوتیژی وپاشکەوتنەدا، خۆی وەك کەسایەتییەکی ئازاد بسەلمێنێت و بەردەوام بێت، گوتیشی: «مەلالە حاڵەتێکی تایبەتە بە هەموو جۆرە مانایەکەوە، بۆ هەموو دنیای سەلماند کە نە سنوور و نە تەمەن ونە ئازار ناتوانن ڕێ لە ئیرادەی مرۆڤ بگرن».

لە لای خۆیەوە د. ڕۆئیا تلووعی، مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «مەلالە یوسفزای ئەو کچۆڵە پاکستانییە تا لێواری مەرگ چوو، بۆ ئەوەی دژ بە ئایدیای دواکەوتووی ژن بە کەمزانی ڕاوەستێ». گوتیشی: «بردنەوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ لە لایەن (مەلالە)وە فرمێسکی شادی خستە چاوانم. هەستی شانازی بە هەبوونی نەوەیەکی گەنجی کچانی بوێر لە سەرانسەری دنیا و بەتایبەت لە ئاسیا تەواوی وجوودمی داگرت، کە لە خەمی ماف و سەرکەوتنەکانی ژنانن و



**بۆ تۆڵەسەندنەوە لە تاڵیبان نەهاتوومەتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنیا بۆ ئەوە هاتووم داکۆکیی لە مافی خوێندنی هەموو منداڵێك بە منداڵانی تیرۆریستەکانیشەوە بکەم**

هەوڵی دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانیان دەدەن».
د. تلووعی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا وێڕای ئەوەی سەرسامیی خۆی بۆ کارامەیی مەلالە دەردەبڕێت، دەڵێت: «ئەوەندەی من لە پاکستانییەکانی ناو ئەمریکام بیستووە و بڕێکیانم دیوە (لە شۆفیرەوە تا مامۆستای زانکۆ و تەنانەت نوێنەری پەرلەمان) وا تێگەیشتووم کە خوێندنی سەرەتایی و مامناوەندی و ناوەندی لە پاکستان بەخۆڕایی نییە و خەڵك دەبێ پارەی بۆ بدەن. بە هۆی هەژاری و منداڵباریی بنەماڵەکانیش زۆر منداڵ و بە تایبەت کچان لە مافی خوێندن بێبەشن. جگە لە هەژاری و کەمداهاتی، ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی توندڕەویش بەربەست لە بەردەم خوێندەواریی ژنان دروست دەکات، هەروەها بیستوومە زۆر لەو منداڵانە بۆ یارمەتیی ئابووریی بنەماڵەکانیان دەنێردرێن بۆ کاری دژوار. کچان دەنێردرێن بۆ کارەکەری و کلفەتی و لەو ماڵانەی کەوا خۆیان بە پلەباڵا دەزانن، ڕووبەڕووی توندوتیژی و زۆر ڕەفتاری ناشایست دەبنەوە. بەس دوو دەقە چاوت بقوچێنی و خۆت لە جیاتی یەك لەو کچانە دانێی کە بە یەك دنیا هیوا و ئارەزووی منداڵانەوە لە خوێندن بێبەش بیت و لە بازنەیەکی داخراوی نەریتسالاری و ئایدیۆلۆژیی توندڕەوی ئایینی و مەزهەبی زیندانی بیت و ناچار بیت دژوارترین کار ئەنجام بدەیت و ڕۆژانە سەدان جار بە نزم دابندرێی، داخۆ چ حاڵێکت دەبێ؟ مەلالە یوسفزای لە کۆمەڵگەیەکی وادا سەرهەڵدەدات. تا پای مەرگ دەچێ، بەڵام دەستبەرداری ئەو ئامانجە مەزنەی خۆی نابێت، کە پێویستە لە کۆمەڵگەی خۆی و کۆمەڵگەی جیهانیدا مافەکانی منداڵ بەگشتی و کچان بەتایبەتی مسۆگەر بکرێ و هیچ منداڵێك لە خوێندن بێبەش نەکرێ، ئەو پەیامەشی بە گوێی جیهان گەیاند. بۆیە دەڵێم: سەدان جار پیرۆزی بێ ئەم خاتوونەی کەوا ئێستا بووەتە نموونەی ئیرادە و خۆڕاگری و خەبات بۆ ژن و کچی جیهان. کۆمەڵگەی مەلالە نەك دژە ژنە، بەڵکو گرفتاری وەهمی پیلانیشە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە هەواڵەکانی «بی بی سی»دا کە لە ڕادیۆ «ئێن پی ئار»ی ئەمریکا بڵاو دەکرایەوە، موقابەلەی پیاوێکی پاکستانی دەکرا. کابرا دەیگوت: (مەلالە قەت فیشەکی لێنەدراوە و بریندار نەکراوە! دەیگوت: مەلالە و باوکی بازرگانن و. ئەو وشانە دەفرۆشن کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کڕیاریان هەیە. ئەوەی دەیڵێن گشتی چیرۆك و ئەفسانەیە بۆ خەڵەتاندنی کچانی بە حەیای پاکستانی بۆ ئەوەی هار و ڕوودار بن و مەلالە بکەن بە نموونەی خۆیان)!
کاتێك گوێم لەو ڕستانە دەگرت، هەستی ڕێزم بۆ مەلالە دەیان بەرابەر بوو. چونکا بە خانمێکی یاخی دەزانم لە کۆمەڵگەیەك کە باوەڕ و متمانەی تێدا نییە و تووشی نەخۆشی وەهمی و پیلانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نەیانتوانی کۆتایی بە ژیانی مەلالە بێنن، ئێستا دەیانەوێ بە پیلان تۆمەتی جۆراجۆری بدەنە پاڵ. بەڵام من سەری ڕێز و نەوازشم بۆ مەلالە و زۆر لە مەلالە بێ ناونیشانەکانی جیهان و بەتایبەت بۆ مەلالە بێ ناوەکانی کورد دادەنوێنم».
بێگومان ئەوەی هەر یەك لە سەرفراز نەقشبەندی و د. ڕۆئیا تلووعی باسیان کرد، خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرن. لە بەر ئەوەی مەلالە یوسفزای کەم تەمەنترین کەسایەتیی جیهانییە کە خەڵاتی جیهانیی ئاشتیی (نۆبڵ ) وەردەگرێت. ئەو خانمە پاکستانییە لە ١٢ی جولای ساڵی ١٩٩٧ لەدایکبووە. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە چالاکی مافی

سەفیە سدیقی:

**بەخشینی ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتییە بە مەلالە یوسفزای بۆ هەموو ئافرەتانی دنیا هەواڵێکی شادیبەخش بوو، هەروەها ئافرەتانی ناوچەکەش هان دەدات زیاتر بۆ پێشکەوتنی خۆیان و وڵاتەکەیان تێبکۆشن**



**مەلالە بۆ ئۆباما:**
**ئەگەر دەتەوێ هاوكاریی وڵاتەكەم بكەیت، لە بری سەرباز كتێب و لە بری چەك پێنووسمان بۆ بنێرە**

مارتین شۆڵتس:

**مەلالە كچێكی قارەمانە كە بە دروشم و كردارەكانی سەلماندوویەتی زانست باشترین چەكە كە دەكرێ لە دژی توندوتیژی بەكار بێت**

مــرۆڤ و منداڵان بووە و ئەندامــی كەمپەینی خوێندنی كچانی پاكستانییە و لە ئۆكتۆبەری ساڵی ٢٠١٢ لە كاتی گەڕانــەوەی لــە خوێندنگە بۆ ماڵەوە لــە لایەن گرووپی تیرۆریســتی تاڵیبانەوە هەوڵی تیرۆركردنی درا و بە توندی بریندار كرا. ئەو هەوڵە تیرۆریســتییە كاردانەوەی گەورە و جیهانی لێكەوتەوە.

مەلالە لە وتووێژێكیدا رەخنە لە مەلاكانی تاڵیبان دەگرێت و باسی ئەوە دەكات كە كچان لە كاتی دەسەڵاتی تاڵیباندا لــە ناوچەی ســوات، بە بێ جلی فەرمیــی قوتابخانە و بــە جلوبەرگی ئاســایی و بە نهێنی دەچوونــە قوتابخانە پەرتووكەكانیان لە ژێر سەرپۆشەكانیاندا دەشاردەوە، چونكە لەوە دەترســان تێزاب بە سەروچاویاندا بكرێ، یان لە لایەن میلیشیای تیرۆریستەوە بڕفێندرێن.

مەلالە یوسفزای نووسەری كتێبێكە بە ناوی (منم مەلالە) و تێیدا پێداگریی لە سەر ئەوە دەكات كە ناوەڕۆكی كتێبەكەی تەنیــا چیرۆكی ژیانی خۆی نییــە، بەڵكو چیرۆكی ٦١ ملیــۆن منداڵە كــە لە خوێندن و پــەروەردە بێبەش كراون. رۆژنامەنووســی بەریتانی (كریستینا لەمب) داڕشتنەوەی بۆ كردووە و لە ماوەیەكی كەمدا لە ســەر ئاســتی جیهان ناوبانگی پەیدا كرد.

مەلالە یوســفزای بە هۆی چالاكییەكانی لە بواری مافی خوێندنی منداڵان خەڵاتی ئاشــتی نۆبڵی ساڵی ٢٠١٤ی لەگەڵ كایلاش ســاتیارتی وەرگرت. یوسفزای گەنجترین خاوەن خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵە و دوای عەبدولسەلام دووەمین پاكستانییە كە ئەو خەڵاتە وەردەگرێت.

مەلالــە لــە تەمەنــی ١١ ســاڵیدا بە هۆی نووســینی بیرەوەرییەكانی لە بارەی گرووپی تیرۆریستی تاڵیبان كە بە نازناوی (گوڵ مەكی) لە بۆ بەشی زمانی ئۆردۆ لە (بی



بی سی) دەنارد، ناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆی دروستکرد. ئەوکات دۆڵی سوات لە لایەن تاڵیبانەوە بە ڕێبەرایەتیی مەولانا فەزلوڵڵا داگیر کرابوو، یەکەم بڕیاری داگیرکەریش داخستنی خوێندنگەکانی کچان بوو. ٢٠٠ قوتابخانەشیان نەك هەر داخست، بگرە کاولیشیان کرد، بەڵام حکومەتی پاکستان دوای پاککردنەوەی ناوچەکە لە تاڵیبان خەڵاتی بوێری بەو کچە پاکستانییە بەخشی.

مەلالەی پاکستانی وەك قوربانییەکی دەستی تیرۆریستی تاڵیبان سەفەری بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا کرد و دواجار توانی لە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەردە لەسەر تاوانەکانی تاڵیبان هەڵماڵێت. ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە کە سەرەڕای ڕیسوابوونی تاوانەکانی تاڵیبان و دەوڵەتی ئیسلامیی داعش، کەچی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانە لە هەندێك وڵاتی وەك قەتەر و چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبی نووسینگەی فەرمییان هەیە!

مەلالە لە پشت مایکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی قەڵەم و کتێب و خوێندنی کرد، تاڵیبان و داعشیش بە چەکی قورس و سووك بەربەست لە بەردەم خوێندنی خانمان دروست دەکەن و تا هەنووکە دەیان و سەدان قوتابخانەیان تەقاندۆتەوە و سەری سەدان مامۆستاشیان بڕیوە. کەچی چەندین دەوڵەتی ناوچەکە، نەك هەر دژایەتی ئەو تاریکدڵانە ناکەن، بگرە پشتیوانیی هەمە جۆریشیان دەکەن!

مەلالە یوسفزای ئەو کچە چالاکەیە کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا و لە ئاستی دنیادا ناوبانگی پەیدا کرد و زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و هونەرییەکانی جیهان پێی سەرسام بوون. ڕۆژنامەی یۆرۆ نیوز لە دواژمارەیدا ئاشکرای کرد کە مەلالە یوسفزای بڕیاری داوە سەردانی خێزانەکانی ئەو ٢٠٠ کچە ڕفێندراوەی بوکوحەڕام بکات.

مەلالە لە هەڤپەیڤینێکیدا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە یەکێك لەو کەسایەتییانە ناو دەبات کە پێی سەرسامە و دواتر باراك ئۆباما و هاوسەرەکەی و کچەکەی لە ماڵی خۆیاندا پێشوازی لێدەکەن. لەو دیدارەدا مەلالە داوا لە سەرۆك ئۆباما دەکات، لە بری چەك و تەقەمەنی کتێب و قەڵەم بۆ وڵاتەکەی بنێرێت.

لە لایەکی دیکەوە ئەنجلینا جوولی ئەستێرەی بەناوبانگی سینەمای جیهانی و ئەکتەری ناوداری هۆلیوود بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلاری بۆ خوێندنی ٤٠ کچی پاکستانی پێشکەش بە (سندووقی مەلالە) کرد. هەروەها دەیویس گاگنهایم لە کارێکی هاوبەشدا لەگەڵ واڵتراف پارکس بڕیاریان داوە ژیاننامەی مەلالە لە دووتوێی فیلمێکی دیکیۆمێنتی نمایش بکەن.

زیائەددین یوسفزای باوکی مەلالە کە ئەویش بەر دەسڕێژی گوللەی تیرۆریستان کەوت و لە مردن ڕزگار بوو، ئێستا پۆستێکی دیپلۆماسی لە (بیرمنگهام)ی بەریتانیا وەرگرتووە. کچەکەشی هەمیشە پشتیوانی و هاریکاری و پاڵپشتییەکانی باوکی بە ڕەمزی سەرکەوتنەکانی دەزانێت.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ لە لایەن کۆمیتەی نۆبڵی ئاشتی، مەلالە یوسفزای وەك براوەی ئەو خەڵاتە جیهانییە ڕاگەیەندرا و دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە خوێندنگەیەکی (بیرمنگام)ی بەریتانیا وتارێکی پێشکەش کرد.

توربیون یاکلاند سەرۆکی کۆمیتەی نۆبڵ دوای ئەوەی کە ڕایگەیاند مەلالە یوسفزای پاکستانی و کایلاش ساتیارتی هیندی وەك دوو چالاکیی بواری مافی منداڵان خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵی ئەمساڵیان وەرگرتووە، وێڕای ستایشی ڕۆڵی ئەو دوو کەسایەتییە، سەبارەت بە مەلالە گوتی: «مەلالە یوسفزای سەرەڕای تەمەنی کەمیی، چەندین ساڵ بۆ دەستەبەری مافی خوێندنی کچانی گەنج لە هەلومەرجێکی زۆر مەترسیداردا خەباتی کردووە و بۆ کچانی جیهانی سەلماند کە دەتوانن لە باشترکردنی ژیانی خۆیاندا خاوەن بڕیار بن.»

**ئێمە بایەخی ڕووناکی لە بەرامبەر تاریکیدا دەزانین و گرنگیی دەنگی خۆیشمان لەکاتی بێدەنگیدا بەلامانەوە بایەخدارە، هەروەک چۆن کاتێک لە سوات و لە باکووری پاکستان بووین، کە چاومان بە چەک دەکەوت، زیاتر لە گرنگیی قەڵەم و کتێب تێدەگەیشتین. ئەو پەندەمان لە بیر بوو کە قەڵەم لە شمشێر تیژترە، بەڵام توندڕەوەکان لە پەرتووک و پێنووس و لە هێزی خوێندن و هۆشیاربوونەوەی ئافرەت دەترسن**



**ڕۆژی نۆی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢، چەکدارانی تاڵیبان لای چەپی نێوچاوانی منیان کردە نیشانە و هاوڕێکانیشم کەوتنە بەر دەسترێژی گوللەکانیان و وایان دەزانی گوللەکانیان دەتوانێت ئێمە بێدەنگ بکات، بەڵام شکستیان خوارد و بەپێچەوانەوە هەزاران دەنگ و هاواری بەرزی لێکەوتەوە جێی شانازیمە کە سەرپۆشی شەهید (بینەزیر بۆتۆ) م لە سەر کردووە**

مەلالە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا داوای لە منداڵ و مێرمنـــداڵ و نەوجەوان و گەنجانی جیهان کرد کە بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن و هەوڵی مسۆگەرکردنی بدەن.
مەلالە یوسفزای پاکســـتانی و کایلاش ساتیارتی هیندی جگە لەوەرگرتنی مەدالیای نۆبڵ خەڵاتێکیش بە بڕی یەك ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلار وەردەگرن.
لە لای خۆیانەوە بان کی مۆن، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر یەك لە ســـەرۆکەکانی هیندســـتان و پاکستان پێشـــوازییان لەو خەڵات بەخشـــینەی ئەمساڵی نۆبڵ بۆ ئاشـــتی کرد و ڕۆڵی خەڵات وەرگرەکانیشیان بەرز نرخاند.
دەستنیشانکردنی مەلالە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە جیهانییە زۆربەی ئافرەتانی ناوچەکەی شادومان کرد.
ســـەفیە سدیقی نووسەری ناســـراوی ئەفغانی و ئەندامی پێشـــووی (ولسی جەرگە)ی ئەفغانستان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆ ئازادی گوتی: «بەخشینی ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتییە بە مەلالە یوســـفزای بۆ هەموو ئافرەتانی دنیا هەواڵێکی شادیبەخش بوو، هەروەها ئافرەتانی ناوچەکەش هان دەدات زیاتر بۆ پێشکەوتنی خۆیان و وڵاتەکەیان تێبکۆشن».
دوای ئـــەوەی ناوەنـــدی نەرویجی نۆبـــڵ ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ئەمساڵ بە هاوبەشی درایـــە «مەلالـــە یوســـفزای» چالاکوانی پاکســـتانی و «کایلاش ســـاتیارتی» چالاکوانـــی هیندی بەرگریکاری مافەکانی منداڵ
توربوئرن یاگلند (ســـەرۆکی ئەو ناوەندە) گوتی: «مەلالە وێڕای تەمەنی کەمی ماوەیەکی زۆرە کار لە ســـەر مافی خوێندن بۆ کچان دەکات و لە مەترســـیدارترین هەلومەرجدا ئـــەو کارەی ئەنجـــام داوە». ئەو کچە پاکســـتانییە بۆتە هێمایـــەك لە خەباتی ئافرەتان بۆ گەیشـــتن بە مافەکانیان و لـــە بڵاوکراوەی «تایمـــزی» ئەمریکی یەکێکە لە ١٠٠ کەسایەتییە کاریگەرییەکانی جیهان، بەڵام ئیسلامییەکانی پاکســـتان چەند کاتژمێر پاش ناســـاندنی مەلالە یوسفزای وەك براوەی خەڵاتی ئاشـــتی نۆبڵ، لە تویتەر هەڕەشـــەی کوشتنیان لێکرد! ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دوابەدوای ئەوەی کە مەلالە یوســـفزای لەمردن ڕزگاریی بوو، هاوکات بوو بە ســـیمبۆلی ئازایەتیی و دەنگی کپکـــراوی کچان و ژنانی پاکســـتان و لە بارەگای نەتـــەوە یەکگرتووەکاندا تالیبانی تێرۆریستی ڕیسوا کرد. ســـەرکردەیەکی تالیبان نامەیەکی ئاراســـتە کردو، خەمی خۆی بۆ هەوڵی کوشـــتنی مەلالە دەربڕی و گوتی: «ئێمە سەر بە هۆزێکین و وەرەوە خزمەتی گەل و وڵاتەکەت بکە».
ئەوەش دەقی هەواڵەکەیە:
« هەواڵـــەکان ئامـــاژە بـــەوە دەکەن کە ســـەرکردەیەکی بزووتنـــەوەی تاڵیبان نامەیەکی چـــوار لاپەڕەیی بۆ کچە پاکســـتانی مەلالە یوسفزای ناردووەو تێیدا دەڵێت: کە زۆر داخ بـــۆ ئەو ڕووداوە دەخوات کە ســـاڵی ڕابردوو تووشـــی هات کاتێ چەکداران تەقەیان لێکرد و داواشـــی لێکردووە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی.
ئەمەو لە مانگی ئۆکتۆبەر چەکدارێکی تاڵیبان لە نزیکەوە تەقەی لە مەلالەی تەمەن ١٦ ساڵان کرد کاتێ لە قوتابخانە

**بەخۆم دەڵێم:**
**مەلالە پێویستە ئازا بێت**
**پێویستە لە هیچ کەس نەترسێت**
**تۆ تەنها هەوڵدەدەیت خوێندن**
**تەواو بکەیت**
**تۆ تاوان ئەنجام نادەیت**

دەگەڕایەوە لە ناوچەی دۆڵی سواتی باکووری رۆژئاوای پاکستان و بۆ چارەسەرکردن گواسترایەوە بەریتانیاو لەو کاتەوە لەبەر هەڕەشەی بەردەوامی تاڵیبان نەگەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی، لە ١٢ی یۆلیۆ لە وتارێکی کاریگەردا لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ جیهانی خوێندەوە، گوتی: پێنووس لە شمشێر بەهێزترە، کۆپییەکی وتارەکەشی لە رۆژی چوارشەممە ١٧ی یۆلیۆ بۆ میدیاکانی پاکستان نارد.

لە وتارێکیشدا کە پڕی بوو لە ئاماژەکردن بە فەیلەسوف و سیاسەتمەداران، عەدنان رەشیدی سەرکردە گوتی: کە ئەو هیوا دەخوازێت کە داوای لێکردبا چالاکییەکانی دژ بە تاڵیبان رابگرێت، تاکو هێرشی نەکرێتەسەر، ئەو لە وتارێکدا کە لە ١٥ی یۆلیۆ بە زمانی ئینگلیزی نووسی و تاڵیبانیش پشتڕاستی کردەوە دەڵێت: هەموو هەستم بەرامبەر بە تۆ برایانەیە، چونکە هەموومان سەر بە هۆزی یوسفزاین.

هەروەها دەڵێت: کاتێ هێرشت کرایەسەر من تووشی شۆك بووم، هیوام دەخواست ئەمە رووی نەدابایە هەرچەندە من پێش ئەوەش ئامۆژگاریم کردبوویت» ئەو زیاتر گوتی: لە کۆتاییدا ئامۆژگاریت دەکەم کە بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت» هەروەها دەتوانیت بگەڕێیتەوە قوتابخانەی ئیسلامییەی کچان.

ئەمەو تاڵیبان بەرپرسیارێتیی خۆی لە هەوڵی تیرۆرکردنی مەلالە راگەیاندبوو کە دوو هاوڕێی هاوپۆلیشی هەر لەو هەوڵەدا بریندار‌بوون.

ئەو کچە لە پاکستان تیمارکرا بەرلەوەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی فرۆکەیەکی پزیشکیی تایبەتی بۆ دابین بکات بەمەبەستی گواستنەوەی بۆ بەریتانیا کە لەوێ پزیشکان توانیان بەشێکی کەللەسەری بە پلێتی تیتانیۆم هەڵبچنەوە، رەشید کە ئەفسەرێکی پێشووی هێزەکانی ئاسمانیی پاکستان بوو و پێشتریش زیندانی کرابوو بە تۆمەتی هەوڵی کوشتنی جەنەرال پەروێز موشەڕەفی سەرۆکی پێشووی پاکستان ئەوەی رەتکردەوە کە تاڵیبان هێرشی کردبێتەسەر ئەو کچە بەهۆی هەڵمەتەکەی دژی هەوڵەکانی تاڵیبان بە رێگەگرتن لە خوێندنی کچان.

لە نامەیەکی چوار لاپەڕەییشدا رۆژئاوای بەوە تۆمەتبارکرد کە رێساکانی بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا دەسەپێنێت و هێرشیشی کردەسەر چەندین کەسایەتی لەوانە باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاو هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەو وڵاتە.

مەلالە یوسفزای لە تەمەنی کەمی خۆیدا چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە، لەوانە لە ساڵی رابردوودا خەڵاتی (ساخارۆف)ی یەکێتیی ئەوروپای پێ بەخشرا، کەچی تاڵیبانی پاکستان بە «سیخوڕی رۆژئاوا» تۆمەتباریان کرد و سزای مەرگ و کوشتنیان بۆ دەرکرد، لە بەیاننامەیەکیشدا نووسیبیان: «ئیسلام فەرمانی کوشتنی سیخوڕانی دوژمنی داوە و بەپێی شەرع سیخوڕ دەبێت بکوژرێت، ئەگەر منداڵێکی کەم تەمەنیش بێت».

خەڵاتی ئاشتی یەکێك لە پێنج خەڵاتەکەی (نۆبڵ)ـە کە لە ساڵی ١٩٠١ ـەوە لە لایەن کۆمیتەی نۆبڵ لە ئۆسلۆی پایتەختی نەروێژ بە براوەی ئەو خەڵاتە دەبەخشرێت.

ئەو خەڵاتە تا هەنووکە چەندین کەسایەتیی ناوداری جیهان وەریانگرتووە کە لە رەهەندی ئاشتەواییدا کاریگەر و کارامە بوون، لەوانە: هنری کیسینجەر راوێژکاری سەرۆك کۆمار نیکسۆن لە ساڵی ١٩٧٣ بە هۆی هەوڵەکانی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ڤێتنام ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا، دالایی لاما، رێبەری ئایینی بوودایییەکانی تبت لە ساڵی (١٩٨٩)، نێلسۆن ماندێلا، سەرۆك کۆماری پێشووی ئەفریقای باکوور کە بە قارەمانی خەبات لە دژی ئاپارتاید ناسراوە لە ساڵی (١٩٩٣) ئەو خەڵاتەی وەرگرت و یاسر عەرەفات، شیمون پێرێز، ئیسحاق رابین لە ساڵی (١٩٩٤) وەك سەرۆکەکانی فەلەستین و ئیسرائیل لەو کەسایەتییە ناودارانەن کە ئەو خەڵاتە جیهانییەیان بەرکەوتووە.

لە ئێستادا ناوی مەلالە یوسفزای تەمەن ١٧ ساڵ دەچێتە پاڵ کەسانی وەك (هنری کیسینجەر، دالایی لاما، نێلسۆن ماندێلا و لە نێوی ئەو خەڵاتەدا بۆ یەکەمجار کەسێکی خوار تەمەنی یاسایی (١٨ساڵ) ئەو خەڵاتە وەردەگرێت.

کەسێك کە لە دیدارەکەیدا لەگەڵ باراك ئۆباما و خێزانەکەی بە ئۆباما دەڵێت: «ئەگەر دەتەوێ هاوکاریی وڵاتەکەم بکەیت، لە بری سەرباز کتێبمان بۆ بنێرە، لە بری چەك پێنووسمان بۆ بنێرە»!

بێگومان ئەم پەیامەی مەلالە هەڵگری قەپانێکی یەکلاکەرەوەیە کە تای تەرازووەکە بە لای پەروەردە و



سەرفراز نەقشبەندی:

**مەلالە حاڵەتێکی تایبەتە بە هەموو جۆرە مانایەکەوە، بۆ هەموو دنیای سەلماند کە نە سنوور و نە تەمەن ونە ئازار ناتوانن رێ لە ئیرادەی مرۆڤ بگرن**



د. رۆئیا تلۆعی:

**مەلالە یوسفزای ئەو کچۆڵە پاکستانییە تا لێواری مەرگ چوو، بۆ ئەوەی دژ بە ئایدیای دواکەوتووی ژن بە کەمزانی راوەستێ**

**کچان لە کاتی دەسەڵاتی تاڵیباندا لە ناوچەی سوات، بە بێ جلی فەرمیی قوتابخانە و بە جلوبەرگی ئاسایی و بە نهێنی دەچوونە قوتابخانە پەرتووکەکانیان لە ژێر سەرپۆشەکانیاندا دەشاردەوە، چونکە لەوە دەترسان تێزاب بە سەروچاویاندا بکرێ، یان لە لایەن میلیشیای تیرۆریستەوە بڕفێندرێن**

مەعریفەدا دەشـــکێتەوە کە تەنانەت ئەو گریمانەیەشی بۆ دادەنرێ کە ئافرەتان باشتر لە پیاوان لە رەهەندی ئاشتەوایی جیهانیدا هەنگاو بنێن.

مەلالـــە دەگاتـــە پشـــت تریبوونـــی رێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەنگی خۆی و ٦١ ملیۆن منداڵی بێبەش کراو لە خوێندن هەڵدەبڕێت، ســـاڵی دواتر خەڵاتی نۆبڵی جیهانی وەردەگرێت، کەچـــی پەلاماردەرەکانی مەلالە کە قەستەســـەری ئەو کچە چالاك و مرۆڤدۆســـتانەیان کرد، هەردووکیان کە سەر بە گرووپێکی ئیسلامیگەرای توندڕەو بوون بە ناوی (تەحریکی تاڵیبان) لە ١٢ی ســـێپتەمبەری هەمان ساڵ بە کەلەپچەکراوی پەلکێشی گرتووخانە کران.

ســـەرۆك ئەرکانی هەموو ئەرتەشی پاکستانیش مەلالەی بـــە هێمـــای بوێری و هیـــوا ناوبرد. بێگومـــان ئەوانەی قەستەســـەری (مەلالە یوســـفزای)یان کرد، تەنیا ئەو دوو کەســـە تیرۆریســـتە نین کە دواتر دەستبەسەر کران، بەڵکو هەزاران شـــوێنکەوتووی تارمایـــی و تاریکین کە چاویان بە رووناکیـــدا هەڵنایێ و لە یەکەم هەنـــگاودا ئافرەت لە خوێندن بێبەش دەکەن. خوێندنێك کە پێوەرە بۆ هۆشیاری و بەرزکردنەوەی رۆشنبیری و زاڵبوون بەسەر شەڕو کوشتنی مرۆڤ و ماڵوێرانیدا، بەڵام ئەو پێوەرە لە پەرەســـەندندایە و توندڕەوەکانـــی دنیا لە بەرامبەر ئاشـــتەواییدا ناچار بە ملکەچکردن دەکات.

ئەوەتا ســـەرۆکی کاتیـــی پەرلەمانـــی ئەورووپا (مارتین شـــۆڵتس)، مەلالە بە کچێکی قارەمـــان ناودەبات کە بە دروشم و کردارەکانی سەلماندوویەتی زانست باشترین چەکە کە دەکرێ لە دژی توندوتیژی و بەکار بێت»

مەلالە لە تەمەنی ١٦ ســـاڵیدا وتارێکی لە ناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشـــکەش کـــرد و دوای رێزگرتن لە ئامادەبووان لە دەســـتپێکی قســـەکانیدا گوتی: «جێی شـــانازیمە کە سەرپۆشی شەهید (بینەزیر بۆتۆ) م لە سەر کردووە».

دواتر سوپاســـی هەموو ئەوانەی کـــرد کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە مردن رزگاریان کردووە و لە گەڕانەوەی ژیانیدا رۆڵیان هەبـــووە. هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە (بان کی مـــۆن) وەك داهێنەری پـــەروەردەی جیهانی لە ژێر ناوی «یەکەم هەنگام پەروردە و فێرکاری» و ســـەفیری تایبەت گوردن براون، هەروەها ۆوك جرمیك ئیلهامبەخشی خەبات و چالاکییەکانی بوون.

دواتر باسی ئەوەی کرد سەدان هەزار چالاکی بواری مافی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بەرابەری و یەکسانی هەوڵیان داوەو هەزاران کەسیان لە لایەن تیرۆریستەکانەوە کوژراو و بریندار بوون و و خۆیشـــی بە یەکێك لەوان ناوبرد و گوتی: «من لە لایەن هەموو ئەو کوڕ و کچە منداڵانەوە قســـە دەکەم کە ناتوانن قسە بکەن، یان دەنگیان نابیسترێ و مافی خۆیانە لە ئاشـــتی و ئارامیدا بژین و دەرفەتی یەکسان و هاوبەش و مافـــی خوێندنیان هەبێت»، گوتیشـــی: «رۆژی نۆی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢، چەکدارانی تاڵیبان لای چەپی نێوچاوانی منیان کردە نیشـــانە و هاوڕێکانیشم کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەکانیان و وایان دەزانی گوللەکانیان دەتوانن ئێمە بێدەنگ بکەن، بەڵام شکســـتیان خوارد و بەپێچەوانەوە هەزاران دەنگ و هاواری بەرزی لێکەوتەوە».

جەختـــی لەوەش کـــردەوە کە بۆ تۆڵەســـەندنەوە لە تاڵیبان نەهاتۆتە پشـــت مایکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنیا بۆ ئـــەوە هاتووە داکۆکیی لە مافی خوێندنی هەموو منداڵێك بە منداڵانی تیرۆریستەکانیشەوە بکات.

گوتیشـــی: «ئێمە بایەخی رووناکی لە بەرامبەر تاریکیدا دەزانیـــن و گرنگیی دەنگی خۆیشـــمان لەکاتی بێدەنگیدا بەلامانەوە بایەخدارە، هەروەك چۆن کاتێك لە ســـوات و لە باکووری پاکســـتان بووین، کە چاومـــان بە چەك دەکەوت، زیاتر لە گرنگیی قەڵەم و کتێب تێدەگەیشتین. ئەو پەندەمان لە بیر بوو کە قەڵەم لە شمشێر تیژترە، بەڵام توندڕەوەکان لە پەرتووك و پێنووس و لە هێزی خوێندن و هۆشـــیاربوونەوەی ئافرەت دەترسن».

ئەو بیرەوەرییەشـــی خستەڕوو کە کاتێك رۆژنامەنووسێك لە لە هاوڕێیەکی پرســـیوە، بۆچی تاڵیبان دژی خوێندنە، لە وەڵامدا بەشێوەیەکی ســـادە و ساکار هێمای بۆ کتێبەکەی دەســـتی کردووە و گوتوویەتی: لە بەر ئەوەی چەکدارانی تاڵیبان نازانن ناوەڕۆکی ئەو کتێبە چی تێدایە».

داواشی لە سیاسەتوانان و رێبەرانی وڵاتانی جیهان کرد کە وتووێژەکانی خۆیان بە ئاراستەی پشتیوانی لە مافی ئافرەت و منداڵدا ببـــەن و بایەخی زیاتر بە خوێندنی بەخۆڕایی و زۆرەملێ بدەن.

مەلالەی وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بە هۆی منداڵی و بـــاڵای کورتی بۆ پشـــت هەر مینبەرێـــك کە چووە بۆ پێشکەشـــکردنی وتار، مینبەرەکـــە بەرزتر بووە لە باڵای و ئەوەشـــی لە دەستپێکی قســـەکانیدا بە زمانی ئینگلیزی لـــە دوای وەرگرتنی خەڵاتی ئاشـــتیی نۆبڵی بە بزەیەکی جوانەوە خستەڕوو.

ئەو وێڕای شـــانازی کردن بەو خەڵاتە جیهانییەوە کە وەك یەکەم ئافرەتی گەنجی پاکستانی بەدەستیهێناوە، خۆشحاڵی خۆیشـــی لەوە دەربڕی کـــە لەگەڵ کایلاش ســـاتیارتی هیندســـتانی کە ئەرکێکی قورس و ماندووبوونێکی زۆری بـــۆ رزگاریی منداڵان لە کۆیلەتی لە ئەســـتۆ گرتووە و بە هاوبەشی ئەو خەڵاتەیان پێ بەخشراوە.

گوتیشـــی: «ئێمە پێکەوە براوەی ئەو خەڵاتەین، یەکێکمان موسڵمانی پاکستانی و ئەوی دی هەڵگری ئایینی بوودی کـــە خۆی لە خۆیدا ئەمە مەســـێجێکە بـــۆ مرۆڤایەتی و خۆشەویستیی نێوان هیندستان و پاکستان بە هەموو ئایین و ئایینزاکانییەوە، رەنگی پێســـت و جۆری زمانمان و باوەڕی گرنگ نییە و ئێمە دەبێت پشتیوانیی یەکتر بکەین، هەموان وەك مـــرۆڤ ســـەیر بکەین. رێز لە یەکـــدی بگرین و بۆ مافەکانمان خەبات بکەین. بۆ مافەکانی منداڵان و ئافرەتان و هەمـــوو مافەکانی مرۆڤ». دواتر سوپاســـی گەرمی دایك و باوکی خۆی کرد و گوتی: «باوکم هەمیشە دەڵێت:



**من شانازی دەکەم دەنگی کچان بم بۆ خوێندن شانازی دەکەم ناسنامەی خۆم وەک کچ ببینم**

من شتێکم بە تۆ زیاد نەکردووە، تەنیا پەڕی باڵەکانتم دەسکەنە نەکرد، بۆ ئەوەی بتوانی بفڕی و بە ئامانجەکانت بگەی»، گوتیشی کچ تەنیا دایك، خوشك، یان هاوسەر نییە و دەبێت خاوەنی پێناسەی خۆی بێت و لەگەڵ کوڕدا مافی یەکسانییان هەبێت».

دواتر باسی چۆنیەتی ئاگادارکردنەوەی لە براوەبوونی بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە کرد و گوتی: «من لە قوتابخانە وانەی ئەلیکترۆلیز ـم دەخوێند، دەوروبەری کاتژمێر ١٠ و ١٥ خولەك بوو، چاوەڕێی ئەوەشم نەدەکرد ببمە خاوەن ئەو خەڵاتە، بەڵام یەکێك لە مامۆستاکانم هاتە ناو پۆلەکەمان و پیرۆزبایی لێکردم و ئاگاداری کردمەوە کە لەگەڵ کەسایەتییەکی گەورە بە هاوبەشی براوەی ئەو خەڵاتەین، کە ئەویش بۆ رزگاریی منداڵان خەباتی کردووە، ئەو خەڵاتەش بۆ من تەنیا پارچە ئاسنێك یان میدیالیایەك نییە، بەڵکو بوێری و توانای زیاترم پێدەبەخشێت کە پتر بڕوام بە خۆم هەبێت و لە کار و خەبات و چالاکییەکانم بەردەوام بم. کاتێکیش زانیم بووم بە خاوەن ئەو خەڵاتە یەك شیفتی تەواو لە قوتابخانە مامەوە وچوومە وانەی فیزیا و ئینگلیزی و بۆ من وەك رۆژەکانی دیکە ئاسایی بوو. بەڵام بەڕاستی هەڵوێستی مامۆستاکان و هاوڕێیانم زۆر خۆشحاڵی کردم کە دەیانگوت شانازیت پێوە دەکەین، هەر بۆیە زۆر سوپاس پشتیوانی و هاندانی ئەو ئازیزانەم دەکەم».

مەلالە لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە کەمپینێکی کردۆتەوە و وەرگرتنی ئەو خەڵاتەکەش نابێتە هۆی کۆتایی هێنان بە کەمپینەکەی و بە سەرەتای کارکردنی لەو بوارەدا هەژماری کرد. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هێشتا نزیکەی شەست ملیۆن منداڵ لە خوێندن بێبەش کراون و تەنانەت قۆناغی سەرەتاییشیان نەخوێندووە، گوتیشی: « من دەمەوێ ئەو رۆژە ببینم کە هەموو منداڵانی جیهان بە بێ جیاوازی بخرێنە بەر خوێندن، چونکە کاتێك تاڵیبان لە سوات بوون، هیچ کچێك مۆڵەتی خوێندنی نەبوو، منیش ئازاری زۆرم لەو رووەوە بینی، تەنیا دوو بژاردەشم هەبوو: یان دەبوو بێدەنگ بم و یانیش دەنگ هەڵبڕم و بکوژرێم، من بژاردەی دووەمم هەڵبژارد، چونکە ئەو کات دەمویست ببم بە دکتۆر، ئێستاش بڕیارم داوە ببم بە سیاسەتوانێکی باش، ئەگەر رێگەی دووەمم هەڵنەبژاردایە، دەبووایە نەچمە قوتابخانە و لە تەمەنی ١٣ یان ١٤ ساڵی مێرد بکەم و نەتوانم خەونەکانم بەدی بێنم».

ئەو منداڵە خاوەن خەڵاتەی نۆبڵ دەبێتە باڵیۆزی ئاشتی و داوا لە حوکمڕانانی هیندستان و پاکستان دەکات کە پەیوەندییەکانیان باشتر بکەن و کۆتایی بە ناکۆکییەکانی نێوانیان بهێنن، جەختی لەوەش کردەوە کە لەگەڵ هاوبەشی خەڵاتەکەیدا لە رێگەی هێڵی تەلەفۆنەوە گفتوگۆی زۆریان کردووە و لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵی نەهێشتنی ئاڵۆزییەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی وڵاتەکانیان بدەن».